# حزب و كۆمەڵگا یان حزب و هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتی

**بەشی چوارەم**

لە دوایین دوو دێڕی لاپەڕە 6دا دەڵێت : ( یەکەمیین پرسیار ئەوەیە : میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی بە دەست هێنانی دەسەڵات , میکانیزمەکانی بەهێز بوون و سەرکەوتن لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا , لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا چییە ؟ ) .

بەجیا لەوەی کە ناچێتە سەر ڕوون کردنەوەی ئەو میکانیزمانە و گرێ دانەوەی چینایەتییان لەگەڵ یەکتری و کاری تەشکیلاتیدا , خودی چینی کرێکاریش لەو بێنەوبەرەیەدا لە سەر مەسەلەی دەسەڵات , کار و دەور و ئەنجام گیرییەکەی بزرە . میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێز بوون و سەرکەوتن , دەبێت لە مێژووی خەباتی کرێکاران و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئێستایان , بە ئاستە سەراسەری و جیهانییەکانیانەوە , شوێن پێیان هەڵبگیرێت . دەبێت بە پەیوەند بە خودی چینەکەوە " واتە چینی کرێکار " پێناسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکرێت . باس کردن لە میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکان و کاری تەشکیلاتی حزبێک , پێکەوە و بەجیا لە هەموو ڕۆژەی هەمەلایەنەی کێشمەکێشە چینایەتییەکان و پاشکۆ بوونی حزب بۆ چینی کرێکار , باسێکی سەروچینایەتی و نامۆ بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەردەچێت . یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی میتۆدەکەی هاوڕێ مەنسور دەگەڕێتەوە بۆ بەکار نەهێنانی دایلەکتیک وەکو زانستی بزووتنەوە " حەرەکە " . پەی نەبردنە بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم زانستەدا " دایلەکتیک " لە مەیدانەکانی خەباتی سیاسیدا .

ئاوێتە نەکردنیەتی بە پرۆسەیەکەوە کە لە پێناوی وەرگرتنی دەسەڵاتدایە . دایلەکتیک کە بەشی دووەم و تەواوکەری ماتەریالیزمە , لە ناو خودی ئەو ماتەریالیزمەدا زانستی گۆڕان و پەرەسەندنە . ئەم زانستە بەجیا لەوەی کە زانستی یاساکانی بزووتنەوەیە لە سروشتدا و لەوێشەوە دەبێتە زانستی گۆڕان و پەرەسەندن " هەموو گۆڕان و پەرەسەندنێک دەرئەنجامی بزووتنەوە ناوەکییەکانی دیاردەکانە " , لە سەر ئاستی کۆمەڵگاش هەمان ڕۆڵ و هەمان ڕێگا دەبینێت و دەگرێتە بەر . یەکێک لە توخمە بنچینەییەکانی دایلەکتیک لە سەر ئاستی کۆمەڵگا , بەرژەوەندی سەرجەم مرۆڤایەتی یە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگادا " زانستی گۆڕان و پەرەسەندن لە سەر ئاستی کۆمەڵگا لێرەوە مانای مادیی پەیدا دەکات " . لە کۆمەڵگای چینایەتیدا بەرژەوەندییە گشتییەکانی مرۆڤایەتی بە پەیوەند بە چەوساوەکانەوە لە هەر قۆناغێکی دیاری کراودا لێک دەدرێتەوە . واتە بەرژەوەندییەکانی چەوساوەکانی هەر کۆمەڵگایەک لە هەر قۆناغێکی تایبەتیدا و بە پەیوەست بە ڕوخسارە جیهانییەکەیەوە دەبێتە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی لەو کات و شوێنەدا . لە بواری سیاسەت و بەدەست هێنانی دەسەڵاتدا دەبێت لە سەر بناغەی بەرژەوەندییەکانی سەرجەم مرۆڤایەتییەوە , تیۆری بۆ دابڕێژرێت و لەوێشەوە پراکتیزە بکرێت . بەڵام بەرژەوەندییەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی , بێ هەبوونی مافە ڕەواکانی تاکە کەس و بەرجەستە بوونەوەی ئەو مافانە لە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەدا , بە کردەوە وەلا دەنرێت و پێشێل دەکرێت . کەواتە بزاوتن " جووڵانەوە , حەرەکە " بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە خەباتی چینایەتیدا , لە بە فەڕمی ناسینی ئازادی و یەکسانییەوە دەست پێدەکات . هەڵگرتن و پیادە کردنی دایلەکتیک لەسەر ئاستی تاکەکان و کۆمەڵانی خەڵک و چینەکان و سەرجەم کۆمەڵگا , لەو بە فەڕمی ناسینی ئازادی و یەکسانی یەوە پێناسە دەکرێت . دابڕینی کاری تەشکیلاتی لە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی , دابڕینی سیمای نێونەتەوەیی " ئینتەرناسیۆنال " و کرێکارانەیە لەو تەشکیلاتەدا . هەموو بزاوتنێک چ لە مەیدانی سروشتدا بێت یان لە مەیدانی فکر و کۆمەڵگادا بێت , دەبێت ئاراستەکەی یان ئاراستەکانی بدۆزرێتەوە . ئەگەر

بزاوتێک " حەرەکەیەک " کۆمەڵێک ئاراستەی جۆراوجۆر لە ماوە جیاوازەکاندا و بە پێی هاتنەوەی لەگەڵ سیستمی کار کردنیدا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک ,, بە خۆوە بگرێت , وورده وورده و بە پێی چوونە پێشەوەی بزاوتەکە " جووڵانەوەکە " لە ئاراستەیەکی گشتیدا گەڵاڵە دەبن . بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش لە سەر ئاستی ململانێ چینایەتییەکان و کۆمەڵگاکە و هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە چەند ئاراستەی جۆراوجۆر بە پێی ماوە جیاوازەکان بە خۆیەوە بگرێت , لە دواییدا تایبەتمەندییەکی ناوکۆیی و ناوخۆیی کە زاڵە بە سەر ئەو ئاراستانەدا و لەگەڵ یەکدا کۆیان دەکاتەوە , گەڵاڵە بوونیانە لە ئاراستەیەکی گشتیدا کە ئەویش ئاراستەی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی یە . تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی ناوەندێتیشەوە " سێنترالیزم , مەرکەزیەت " سەیری خەباتی چینایەتی کۆمۆنیستەکان بکەین , هەر دەگەینەوە بە فەرمی ناسینی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی کە لە ڕزگار بوونیدا بەرجەستە دەبێتەوە . ئەگەر ناوەندێتی وەکو یەکێک لە یاساکانی بزووتنەوە لە سروشتدا بوونی خۆی سەلماندووە و لەوێشەوە گوێزراوەتەوە بۆ زانستی دایلەکتیک و یەکێک لە پایەکانی پێک دەهێنێت , دەبێت سەبارەت بە خەباتی چینایەتی , با ڕاگوزاریانەش بێت , ئاوڕێکی هەر لێبدەینەوە . ناوەندێتی بریتییە لە تەوەرە بەستنی دەرەوە بە دەوری ناوەوەدا " مەبەست لە بەشەکانی دەرەوەی ناوکی دیاردەکەیە , واتە هەموو ئەو بەشانەی _ بەڵام بەجیا لە ناوک _ کە دیاردەکەیان لێ پێک دێت " . لە خانەی لەشی مرۆڤدا , ناوک بە شێوەیەکی بنەڕەتی بریتییە لە 23 جووت کرۆمۆسۆم کە " دی ئێن ئەی " یان بە جیناتەکانەوە لەخۆ گرتووە . وە دیوارێکی تەنک کە بە دەوری ناوکدایە و بەشێکە لە پێناسەی ناوک , لە بەشەکانی تری خانە  کە هەموویان پێکەوە بە سایتۆپلازم ناسراون , جیا دەکاتەوە . ناوک لە خانەدا هەرچەندە جۆرێکە لە ناوەندێتی , بەڵام مەسەلەکەی بۆ دەسەڵات ڕاگەیشتن نییە بە سەر سایتۆپلازمدا , بەڵکو بۆ پاراستنی یەکیەتی خانەیە بە هەردوو بەشەکانیەوە . لە ڕاستیدا " دی ئێن ئەی " لە ڕێگەی تەتەرەکەیەوە کە بە" ئاڕ ئێن ئەی " ناسراوە وە لە ڕێگەی ئەو کۆتە 64 پیتەیەوە کە دەیدات بە تەتەرەکەی بۆ دروست کردنی پرۆتێنەکان لە ناو سایتۆپلازمدا , دەسەڵاتی خۆی بە سەر خانەدا ڕاناکێشێت بەڵکو ئەو هەڵسووڕانە بۆ یەکخستنی بەشەکانی خانەیە لەگەڵ یەکتریدا . بۆ پاراستنی ئازادی هەڵسووڕانی تەنۆلکەکانی وەک ڕایبۆسۆم و میتاکۆندریا و تەنی کۆلجیی و هتده . بۆ هەڵسانە بە ئەرکێک کە مانەوەی  ئازادانەی هەموویانی لەگەڵ یەکدا پێوە بەندە . ئەم ناوەندێتی یە لە ناو ئەتۆمیشدا هەر وا دەکەوێتەوە . یانی ناوکی ئەتۆم کە لە پرۆتۆن و نیۆترۆن پێک هاتووە بۆ دەسەڵات ڕاگەیشتنیان بە سەر ئەلیکترۆنەکان و مەدارەکانیان و بزاوتنەکانیاندا نییە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا . بەڵکو جووڵانەوە " حەرەکە " ی گەردیلەکان و ئاراستە جیاوازەکانیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا , لە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک یاسادا بەڕێوە دەچن . ڕاستە ئەگەر نیۆترۆنەکان نەبن , ئەلیکترۆنەکان و پرۆتێنەکان , لە بەر ئەوەی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤن , یەکدەگرن ,, بەڵام نیۆترۆنەکان لە لایەکەوە تەنیا بەشێکن لە ناوک و لە لایەکی تریشەوە هەر یەکێک لە خۆیان " واتە هەر نیۆترۆنێک " لە ناوەوەدا خاوەنی سووڕانەوەی دوو بارگەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤن بە ئاراستەی پێچەوانە بە یەکتری . وە نهێنی بێ بارگە بوونی نیۆترۆنەکان لە بوونی ئەم دوو بارگە دژ بە یەکەدایە . وە هەر بە هۆی سووڕانەوەی ئەم دوو بارگە دژ بە یەکەوەیە کە دوو ئاراستەی پێچەوانە بە یەکتری وەردەگرن و دەتوانن وەکو هێزێکی گەورە ئەتۆم لە تیاچوون بپارێزن " واتە نەهێڵن پرۆتێنەکان بە هێزی پاڵنانیانەوە بە یکتری لە ناوک دەربپەڕێن و لەگەڵ ئەلیکترۆنەکاندا بچن بە ناو یەکتریدا " . مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم دوو نموونەیە پیشاندانی دەوری ناوەندێتی یە لە پاراستنی یەکیەتی دیاردەکەدا . ئەم ناوەندێتییانە نەک ڕێگەیان لە ئازادی توخمەکان نەگرتووە , بەڵکو زەمینەی هەڵسووڕانی ئازادییان بۆ فەراهەم کردوون . لە ناو کۆمەڵگاشدا ناوەندێتی دەبێت بەو مانایە بێت کە ئازادی هەڵسووڕانی تاک لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا فەراهەم بکات . بەڵام بەرژەوەندی گشتی , بەرژەوەندی کۆی تاکەکان هەموویەتی . کەواتە پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکان لە ناو خودی بەرژەوەندییە

گشتییەکەدایە . کەواتە پاراستنی بەرژەوەندییە تاکەکان ئەسڵە " بەو هۆیەوە کە گشت لە کۆی تاک پیکهاتووە و تاکیش لە گشتدا خۆی بۆ نادۆزرێتەوە ئەگەر گشت لە خزمەتی تاکدا نەبێت " نەک بەرژەوەندییە گشتییەکە . بەڵام پاراستنی بەرژەوەندی تاک تەنیا بە پێوەند بە پاراستنی بەرژەوەندی گشتییەوە دەپارێزرێت . کەواتە دەوری ناوەندێتی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا بریتییە لە پیادە کردنی زانستی پەیوەندییەکانی تاک و گشت . لە سەر ئاستی تەشکیلاتیش هەروا دەکەوێتەوە . دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و گشت لە ناو خودی تەشکیلات و چینی کرێکار و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی , بۆ خۆی پیادە کردنی زانستی دایلەکتیکە . ملکەچ بوونی تاک بۆ گشت لە پێناوی تاک دایە نەک لە پێناوی گشت دا . گرفتی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەوە نییە کە بەرژەوەندی تاکی تیا پارێزراوە , بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە کە بەرژەوەندی تاکی تیا نەپارێزراوە . پاراستنی بەرژەوەندی تاک بە مانا فەلسەفییەکەی پاراستنی بەرژەوەندی بەشێکیان نییە لە بەرانبەر بەشێکی ترياندا , بەڵکو پاراستنی بەرژەوەندی هەموو یەکێکیانە بە بێ جیاوازی . بەرژەوەندی هەموو تاکەکانیش بە بێ جیاوازی لە گشتی کردنەوەی موڵکایەتی تایبەتییەوە نەبێت نایەتە دی . لە بەرژەوەندی تاکەوە خزمەت بە تاک ناکرێت , لە بەرژەوەندی گشتەوە خزمەت بە تاک دەکرێت . دابڕینی تاک لە گشت , دابڕینی یەکسانییە لە تاکەکان . کەواتە هەموو پەیوەست بوونێک بە بەرژەوەندی گشتییەوە لە پێناوی خزمەت کردن بە تاکدایە . ئەگەر ئێستا بڕوانینە تەشکیلاتەکان ئایا پیادە بوونی ئەم یاسایە لە ناویاندا دەبینین ؟ بێگومان نەو . حزبەکان کە سیستمی دابەش بوونی کار تیایاندا لە سەر بناغەی ناوەندێتی سەرەوەیە , بنەماکانی کار کردنی تاک بۆ گشت لە پێناوی تاکدا بەرقەرار نییە تیایدا . بنەماکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە چەوساندنەوەی زۆرینەیە لە پێناوی کەمینەدا , لە ناو حزبەکانی بە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا جێگیر بووە . ملکەچی زۆرینە کە ئەندامانن بە ناوی خەباتی چینایەتییەوە بۆ ڕزگار بوونی کۆمەڵگا , لە پێناوی کەمینەدایە کە ڕابەرایەتیین . ئەم ناوەندە تەشکیلاتییە لە حزبەکاندا لە پێناوی زەمینە ساز بووندا نییە بۆ هەڵسووڕانی ئازادانەی توخمەکانی دەرەوەی ناوەندەکە . لە پێناوی پاراستنی یەکیەتییەکی ئازادانەی بەشەکانی تەشکیلاتەکاندا نییە . لە پێناوی بەرقەرار بوونی خەباتێکدا نییە کە لە بەرژەوەندییەکانی گشتەوە , بەرژەوەندییەکانی تاک بپارێزێت . ئەم ناوەندێتی یە ڕێک بە پێچەوانەی ناوەندێتیە سروشتییەکانەوەیە . ڕێک بە پێچەوانەی دایلەکتیکەوەیە . ڕێک بە پێچەوانەی خزمەت کردن بە تاک تاکی مرۆڤەکانەوەیە . ڕێک بە پێچەوانەی ئاراستەی خەباتی چینایەتییەوەیە . ئەم ناوەندێتییە تەنیاوتەنیا لە پێناوی هەڵاواردن دایە . لە پێناوی باڵا دەستی بەشێکی کەمی ئەنداماندایە کە ڕابەرایەتین بە سەر بەشێکی هەرە زۆری ئەندامانی تردا , کە ڕیزەکانی خوارەوەن . لە پێناوی هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتیدایە . تەنیا ناوەندێک لە تەشکیلاتەکاندا کە هاوجووت بێتەوە لەگەڵ ناوەندە سروشتییەکاندا , ناوەندێتی خوارەوەیە . دابەزینی ناوەند لە سەرەوە بۆ خوارەوە , جێخستنی دایلەکتیکە لە ڕێکخستنی تەشکیلاتەکاندا . جێخستنی خزمەت کردن بە تاک "فەرد "ە لە گشتەوە . جێخستنی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارە . جێخستنی بەرژەوەندییەکانی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە . ئەم مەسەلەی ناوەندێتییە بووە بە بنەمایەک لە مارکسیزمدا , بەڵام لە جیاتی ناوەند ووشەی پێشڕەو بەکار هاتووە . کرێکاران پێشڕەوی کۆمەڵگان . کۆمۆنیستەکان پێشڕەوی چینی کرێکارن . حزبی کۆمۆنیست حزبی پێشڕەوە . لە ناو حزبیشدا کۆمیتەی ناوەندی پێشڕەوە . لە ناو کۆمیتەی ناوەندیشدا , مەکتەب سیاسی پێشڕەوە . لە ناو مەکتەب سیاسیشدا سکرتێر پێشڕەوە . بە بەراوورد بە سکرتێریش , لیدەر پێشڕەوە . سکرتێر ئەندامی مەکتەب سیاسی یە , بەڵام لیدەر لەوە گەورەترە کە ئەندامی مەکتەب سیاسی بێت . فکرەی ناوەند و پێشڕەو لە بنەڕەتدا یەک شتە . لە هەردووکیاندا مەبەست تەوەرە پێ بەستنی دەرەوەی دیاردەکەیە بە دەوری ناوەوەیدا . لە سەر بناغەی ئەم ئایدیایەوەیە کە دەبێت گوایە ڕیزەکانی خوارەوەی تەشکیلات و لێپرسراوەکان و ئۆرگانەکان " بە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەر سیاسی شەوە " و تەنانەت سکرتێری حزبیش , هەر هەموویان پێکەوە ,

تەوەرە ببەستن بە دەوری ئەم پاشایەدا کە ناوی لیدەرە . وە دەبێت لە سەر ئاستی کۆمەڵگاش ئەم پاشایەی کۆمۆنیستەکان بە چینی کرێکار و کۆمەلآنی خەڵک بناسێنن . وە دەبێت وێنەکەی ئەم پاشا کۆمۆنیستە بە جۆرێک بەرزی بکەنەوە و بە خەڵکی دەرەوەی حزبی بناسێنن , کە نەک تەنیا ڕێز لە خاوەنی وێنەکە بگرن , بەڵکو دەبێت ڕێز لە خودی وێنەکە خۆیشی بگرن . هەر بوونی ئەم فکرەی لیدەرە کە هاوڕێ مەنسور هێناویەتی یان جێگای ڕەزامەندیی بووە , بەڵگەیەکی ترە بۆ نامۆ بوونی دایلەکتیک بە میتۆدی هاوڕێ مەنسور .میکامیزمە کۆمەڵایەتییەکانی بە دەست هێنانی سەرکەوتن وە یان وەر گرتنی دەسەلآت لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا هەرچییەک بن , دەبێت لە مەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا , لە ڕزگار بوونی سەرجەم مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە بگرن . بەرجەستە بوونەوەی بەرژەوەندییەکان و ڕزگار بوونی سەرجەم مرۆڤایەتیش لە خەباتی چینایەتیدا , لە ئازادی بێ قەیدوبەندی ڕا دەربڕین و ئازادی بێ قەیدوبەندی هەڵسووڕان و یەکسانی لە دەسەلآتدایە . ئەگەر لە کاری تەشکیلاتی و شێوەکانی تری خەباتی چینایەتیدا بەو ڕاشکاوییە گوزارشت لە ئازادی و یەکسانی نەکرێت و هەر لەوێشەوە کردەیی نەکرێتەوە , ئەوە بە لاڕێدا بردنی ئەو خەباتە و چەواشە کردنی هەڵسووڕاوەکانیەتی . ئەم دوو لافیتەیەی کە من بەرزم کردوونەتەوە : ئازادی بێ قەیدوشەرتی ڕا دەربڕین و هەڵسووڕان , وە یەکسانی لە دەسەلآتدا " , سەبارەت بە کاری تەشکیلاتیی ڕێگری بەردەم هەموو جۆرە لادانێکە لە مارکسیزمدا . ڕێگری بەردەم ڕۆشنبیریی چەپ و سیکتاریزمە . ڕێگری بەردەم لۆکاڵ پێ کردنی چینی کرێکارە . ڕێگری بەردەم پاشکۆ پێ کردنی چینی کرێکارە بۆ حزب . تیابەری جیاوازی چینایەتییە لە ناو حزبدا . هێنانەوە و گونجاندنی خەباتی سیاسی تەشکیلاتییە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیزمی ڕاگوزاردا . گوزارشت لێکردنی سیاسیانە و کۆمەڵایەتییانەی بەرژەوەندییەکانی سەرجەم مرۆڤایەتییە لە خەباتی هەمەلایەنەی ڕۆژانەدا . هێنانە مەیدان و کارا کردنەوەی زانستی دایلەکتیکە لە مەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا . هێنانە خوارەوەی ناوەندێتی سەرەوەیە . وەلانانی سیستمی زنجیرە مەراتیبە . وەلانانی دیسپلینی حزبی یە .جێخستنی پرەنسیپە مرۆییەکان و گوڕ پێدانەوەی ڕادیکالیزمە . جێخستنی سنووربەندی خەباتی سیاسی چینی کرێکارە لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگادا . پیادە کردنی ڕابەرایەتی بە کۆمەڵە . بە فەڕمی نەناسینی دەقە لە دەرەوەی ڕەخنەدا . ئەمانە و زۆری تریش هەن " وەک وەلا نانی خود گەرایی –زاتییەت – و زیندوو کردنەوەی گیانی هاوڕێیەتی و نەهێشتنی دیاردەی دووکەرت بوونی حزب و کۆکردنەوەی کۆمۆنیستە پەرەوازەکان و کۆکردنەوە و یەک پێگرتنی خەباتە جیاوازەکانی ڕۆژانەی دەرەوەی حزب بۆ داپەروەری کۆمەلآیەتی و هتد . " کە لەو دوو لافیتەیەدا بەرجەستە دەبنەوە .

دابیین کردنی ئەو دوو فاکتەرە " ئازادی و یەکسانی " لە حزبدا , فەراهەم بوونی زەمینەی دەست ڕاگەیشتنە –بە بەرزترین شێوازی مرۆییانە – بە میکانیزمە کۆمەلآیەتییەکان بۆ گۆڕانکاری و بە دەست هێنانی دەسەلآتی سیاسی چینی کرێکار . ناتوانرێت پڕوپاگەندە و وورووژاندن و سازدان کە لە دوایین کۆپلەی لاپەڕە 6دا هاتووە , بە سەربەخۆ لە ئازادی و یەکسانی ئەندامان بە ئاقارێکدا ببرێت کە بە ئەنجامێکی دروست بگات . کار کردن بەو 3 میکانیزمە " پڕوپاگەندە و وورووژاندن و سازدان " پێش هەموو شتێک پێویستی بە ڕاستگۆیی هەیە لە ڕێڕەوی خەباتی چینایەتیدا . ڕاستگۆیی لە حزبدا لە سەر بناغەی ئازادی بێ قەیدوبەندی سیاسی و هەڵسووڕان و یەکسانی لە دەسەلآتدا نەبێت , داناڕێژرێت . ڕاستگۆیی پەیوەندییەکی گیانی بە گیانی هەیە لەگەڵ ئازادی و یەکسانیدا .میدیا وەکو ئامڕازێکی گرنگ و ڕادیکالیزمیش وەکو خاسیەتێکی بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکان و حزبەکانیان , دەبنە دوو توخمی کارای خەباتی چینایەتی و دوو هۆکاری گەورەی بردنە پێشەوەی " پڕوپاگەندە و وورووژاندن و سازدان " و لە هەمان کاتیشدا پەیگیرانە پەیوەست دەبنەوە بە ئازادی و یەکسانی ئەندامان و ڕاستگۆییش ئەو ڕۆشناییە دەبێت کە خەڵک لێیەوە

دەیانبینێت . من دەمەوێت ئەوە بڵێم سەبارەت بە حزبەکەی هاوڕێ مەنسور کە دەست بردن بۆ میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکان لە پڕوپاگەندە و ووروژاندن و سازدانەوە تا دەگات بە ڕاپەڕین و شۆڕش , لە مەسەلەی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم , ڕێک لە ئازادی و یەکسانی ئەندامانەوە دەست پێدەکات . هاوڕێ مەنسور کە دەڵێت : " ئەوە ئێمەین کە دەبێ بڵێین کاری کۆمۆنیستی چی یە . هەمان سەرچاوە لاپەڕە 11 " , خۆی واتەنی خودی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم بەرهەمی خەباتی چینی کرێکارە . کەواتە ئەوە خودی چینی کرێکارە کە بە هاوڕێ مەنسور و هەموو کۆمۆنیستێکی تری ووتووە و دەڵێت کە کاری کۆمۆنیستی چییە . ئەوە بە فەرمی ناسینی بەرژەوەندییەکانی سەرجە مرۆڤایەتییە کە لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئەویش بۆ خۆی لە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی تاکەکەسەکانی سەر ئەم گۆی زەوییەدا بەرجەستە دەبێتەوە , بە کۆمۆنیستەکانی ووتووە و دەڵێت کە کاری کۆمۆنیستی چییە . ئەوە تێگەیشتنێکی تیۆرییانە و کردەییانەیە لە دایلەکتیک لە مەیدانەکانی ماتەریالیزمی مێژووییدا , کە بە کۆمۆنیستەکانی ووتووە و دەڵێت کە کاری کۆمۆنیستی چییە . ئەوە دامەزراندنی حزبێکە کە لەگەڵ سۆشیالیزمی ڕاگوزاردا بێتەوە , کە لەگەڵ ئامراز بوونیدا بۆ خەباتی چینایەتییانەی چینی کرێکار بێتەوە , کە لەگەڵ ئازادییەکان و یەکسانی لە دەسەڵاتدا بێتەوە , کە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی خۆیدا بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم بێتەوە ,, بە کۆمۆنیستەکانی ووتووە و دەڵێت کە کاری کۆمۆنیستی چییە .

( ئەوەی کە شەخسیاتت هەبێت , ڕوخسارە واقعییەکانت هەبێت , ڕابەران و هەڵسووڕاوانی ناسراوت هەبێت , شێوازێکی باو و واقعی ژیانی ئەو حزبە سیاسیانەیە کە دەیانەوێت بەهێز ببن . تاک لە خەباتی سیاسیدا گرنگە . تاک ئەو دیاردەیەیە کە ڕوخسار دەداتە یەکیەتییەکان , حزبە سیاسی یەکان و بزووتنەوەکان . لاپەڕە 12 )

کۆمۆنیزمی مارکس , کۆمۆنیزمی کرێکاری , بەم پێیە هەمیشە حزبی شەخسیاتەکانە . لاپەڕە 12 )

خۆدەرخستن بە وێنەی ئینسانگەلێکی واقعی بۆ کۆمەڵێک ئینسانی مارکسیست , دەقاودەق سۆشیالیزمە . ئەرکی سۆشیالیزمە , خاڵی دەست پێکردنی سۆشیالیزمە , بە غەیری ئەمە سۆشیالیزم نییە . لاپەڕە 13 )

وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و هەبوونی شەخسیات , ئەو دوو لایە بوون کە هاوکێشەی خەبات و فکر و ئامانجی هاوڕێ مەنسوریان پێک دەهێنا . تاک لە کۆمەڵدا وە یان ڕوونتر بڵێم لە حزبەکەی ئەودا بەو ڕادەیە گرنگ بووە و شیاوی ئاوڕ لێدانەوە و بایەخ پێدان بووە کە یان وەکو شەخسیەت هاتووەتە دەرەوە یان لە پرۆسەی هاتنە دەرەوەدا بووە . هەڵسووڕانی پەیگیرانەی ئەندامان و کادران چڕ کراوەتەوە لە چۆنیەتی هەڵپە کردنیان بۆ خۆدەرخستن و ناسراو بوونیان لە سەر ئاستەکانی حزب و کۆمەڵگا . بەکار هێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵپە کردن بۆ گەیشتن بە ناسراو بوون , جێگای قسەوباس نەبووە لای هاوڕێ مەنسورەوە . چۆنیەتی چەوساندنەوەی ئەندامان لە لایەن ئەو کەسانەوە بۆ گەیشتن بە مەرامی تایبەتی و چاوچنۆکانەی خۆیان , لای هاوڕێ مەنسور گرنگ نەبووە , چونکە لە دەزگای بیر کردنەوەی ئەودا بوون بە شەخسیات وەکو پۆزەتیڤترین ئەنجام بۆ هەڵسووڕانی حزبیی , جێکەوتە بووە . هاوڕێ مەنسور بە خۆی زانیبێت یان نەیزانیبێت , لەم مەیدانەدا وەکو کەسێکی ئاوێتە بوو بە تێڕوانینەکانی مەکیافیللی جووڵاوەتەوە . بە لایەوە ئامانجی پیرۆز گرنگ بووە . شێوازەکانی گەیشتن بەو ئامانجە چەند نا پیرۆزیش بووبێت " لە سنورێکی بەرتەسک و دیاری کراوی خەباتی تەشکیلاتی و سیاسیدا " , جێگای بێدەنگە لێکردن و چاوپۆشین بووە . ووتەکەی مارکس ئیتر لەم هاوکێشەیەی هاوڕێ مەنسوردا جێگای نابێتەوە کە دەڵێت : دەبێت بۆ ئامانجی پیرۆز , شێوازی پیرۆز بگیرێتە بەر .

شێوازی مرۆییانە لە کاری تەشکیلاتیدا دەبێت لە سەر بنەمای وەلانانی هەڵاواردن بێت . دەبێت لە سەر بنەمای هەڵپێچانی چەوساندنەوەی چینایەتی بێت . دەبێت لە سەر بنەمای یەکسانی بێت لە دەسەڵاتدا . دەبێت لە سەر دەرگا کردنەوەی ئازادییەکانی ڕا دەربڕین و هەڵسووڕانی بێ قەیدوبەند بێت بە ڕووی ئەندامانیدا . دەبێت لە سەر بەرجەستە بوونەوەی کۆی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی بێت لە کردەیی کردنەوەی ئامانجە شەخسی و حزبی و چینایەتییەکاندا . هاوڕێ مەنسور کە دەڵێت تاک لە خەباتی سیاسیدا گرنگە , مەبەستی لە شەخسیاتە نەک لە ئەندامان . ئەو دەوری ئەندامانی هەر ئەوەندە بۆ گرنگ بووە کە قاڵدرمەی سەرکەوتنی شەخسیاتەکان بن . کۆمۆنیزمی مارکس , کۆمۆنیزمی کرێکاری , لای هاوڕێ مەنسور گومانی لە سەر نەماوە کە حزبی شەخسیاتەکانە . بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە ئەو لافیتەیی بەرز کردووەتەوە و دانی پێدا ناوە . ئیتر حزبی شەخسیات ئەو پێوانەیەیە کە هەموو کاروبارێکی تەشکیلاتیی پێ دەپێورێت . هاوڕێ مەنسور ئەم تێز و مەقۆلە داتاشراوانەی بە زۆر داسەپاندووە , بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ یەک ووتەی مارکس بکات . ئەمە نەک هەر لادانە لە مارکسیزم , بەڵکو فەرمانداری کردنە بە سەر فکری مارکسیشدا بۆ سەرخستن و بە ئەنجام گەیاندنی ئایدیا ڕۆشنبیرییەکانی . کۆمۆنیزمی مارکس , کۆمۆنیزمی هاوڕێ مەنسور نییە . کۆمۆنیزمی حزبی شەخسیاتەکان نییە . کۆمۆنیزمی مارکس , کۆمۆنیزمی هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و دەوڵەت و چینەکانە . کۆمۆنیزمی گشتی کردنەوەی بۆ هەتا هەتای موڵکایەتی تایبەتی یە . کۆمۆنیزمی نەهێشتنی دەسەڵاتە . کۆمۆنیزمی لابردنی کۆسپە چینایەتییەکانی بەردەم کێشمەکێشەکانی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا . کۆمۆنیزمی تێکشکاندنی بەربەستەکانی بەردەم ڕەها بوون " بەرەڵا بوون , مەرەخەس بوون " ی ووزەکانی سەرجەم مرۆڤەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە . کۆمۆنیزمی بەرز ڕاگرتنی وەک یەکی سەرلەبەری مرۆڤەکانە . کۆمۆنیزمی یەکخستنی پەیوەندییەکانی تاک و گشتە لە پێناوی یەک بە یەکی هەموو تاکەکاندا " تاکە کەسەکاندا , – فەرد–ەکاندا " . کۆمۆنیزمەکەی هاوڕێ مەنسور و کۆمۆنیزمەکەی مارکس , دوو کۆمۆنیزمی دوو چینی جیاوازن .

هاوڕێ مەنسور کە دەڵێت : ( خۆدەرخستن بە وێنەی ئینسانگەلێکی واقعی بۆ کۆمەڵێک ئینسانی مارکسیست , دەقاودەق سۆشیالیزمە , خاڵی دەست پێکردنی سۆسیالیزمە , بە غەیری ئەمە سۆسیالیزم نییە ) ڕێک تێڕوانینی میتافیزیکانەی خۆی بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم , ئاشکرا دەکا . سۆشیالیزم لای هاوڕێ مەنسور بریتییە لە خۆدەرخستنی کۆمەڵێک مرۆڤی بە ناو مارکسیست . وەک ئەوەی کە هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و گشتی کردنەوەی موڵکایەتی و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و لابردنی پارە و تیا بردنی دەوڵەت و دیکتاتۆریەت و حزب و چین و دەسەڵات , هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیکیان بە سۆشیالیزمەوە نەبێت .وەکو ئەوەی کە سۆشیالیزم قۆناغی تێپەڕ بوون نەبێت لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم . وەکو ئەوەی سۆشیالیزم بە دەستی چەند کەسێکی دیاریکراو , کە لە دوانزە سوارەی مەریوان دەچن , دابمەزرێت . هاوڕێی ئازیزمان کە دەڵێت بە غەیری ئەمە سۆشیالیزم نییە , . دامەزراندنی سۆشیالیزمی وا ئاسان کردووەتەوە کە نەک هەر لە کۆڵ چینی کرێکاری کردووەتەوە , بەڵکو ئەندامەکانی حزبەکەشی لەو نێوەدا حەساندووەتەوە ! بە ڕای من , هاوڕێ مەنسور پێویستی بەو هەموو باس و خواسە نەبوو بۆ خۆدەرخستنی کۆمەڵێک ئینسان چونکە هەر لە سەردەمی خۆیدا کێشمەکێش لە ناو هەردوو حزبەکەی ئێران و عێراقدا بۆ پێشبڕکێ لە سەر ئەو پلەوپایەی خۆ دەرخستنە لە ئارادا بوو .دووکەرت بوونی حزبەکانیش هەر بەرئەنجامی ئەو پێشبڕکێیە بوو . سۆشیالیزم , بە داخەوە , لای هاوڕێ مەنسور پێناسەیەکی زانستییانەی بۆ نادۆزرێتەوە . وە بە میتۆدێکی پێچەوانەش بە دایلەکتیک ناکرێت پێناسەیەکی زانستییانە بۆ سۆشیالیزم پیادە بکرێت . نەبەستنەوەی سۆشیالیزم بە خەباتی جیهانیی ئەمرۆی کرێکاران و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەیان و گشتی کردنەوەی موڵکایەتی

تایبەتی و هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و دروست کردن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی کرێکاری و کۆمەڵگای کۆمۆنیزمەوە , وون کردنی خودی کۆمەڵگای سۆشیالیزم و نەزانینی چۆنیەتی دەست پێکردنە بۆ دامەزراندنی .

( بوعدێکی هەمیشەیی و لە پسان نەهاتووی هەڵسووڕانی ئێمە ئەوەیە کە پەیوەندییە کرێکاری یەکانمان جۆش بدەین . بوعدێکی دیکەی هەڵسووڕانمان ئەوەیە کە بە پانتایی کۆمەڵگا و لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا حزب وەکو ئامڕازێکی واقعی بخەینە بەردەستی چینی کرێکار تا بۆ یەکلایی کردنەوەی یەکجاریی کۆمەڵگا ئەم ئامرازە وەک حزبی خۆی بە دەستەوە بگرێت . ئەگەر ئەمەی دووەمیان ئەنجام نەدەین , ئەوە لە ئەرکی کۆمۆنیستی خۆماندا درێغیمان کردووە . لاپەڕە 14 هەمان سەرچاوە ).

مەسەلەی بە ئامڕاز کردنی حزب بۆ چینی کرێکار , مەسەلەی قسە و ئامۆژگاری و نیاز پاکی نییە , بەڵکو یەک مەسەلەی هەستیار و سەروماڵی و تێکهەڵچووە بە تەواوی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی ئێستا و داهاتووی چینی کرێکار و سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی . هەر تەنیا پەیگیر بوون بە ڕا دەربڕین لە سەری و خۆبەستنەوەی تیۆرییانە پێیەوە , بە مانای کرێکاری بوونی حزب نییە . زۆر کەس لە پێش هاوڕێ مەنسور و سەردەمی ئەو و دوای ئەویش ووتوویانە و دەیڵێن کە گوایە حزب دەکەن بە ئامڕازی خەبات بۆ چینی کرێکار و نەشیان کرد . چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکی بەشمەینەتیان زۆر لەم چاوەڕوانییەدا هێشتەوە . هاوڕێ مەنسور وای زانیوە هەروا بە نیاز پاکی و دڵسۆزی و مرۆڤ دۆستی خۆی وەیان خۆی و چەند هاوڕێیەکی تری دەکرێت حزب وەک بەرهەم و دەستکەوت و ئامڕازێک لە بازنەی هەڵسووڕانی چینی کرێکار و کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا بێت . ئەمە هەر هەمان بیر کردنەوەی مرۆ دۆستییانەی هاوڕێ لینین ە لەمەڕ حزب و دەسەڵاتەوە کە هاوڕێ مەنسوریشی وەکو ڕابەرێکی مەیدانی لە خەباتی سیاسی و تەشکیلاتیدا دەرهێنابوو . کێشەکە لە پەیوەند بە هاوڕێ مەنسور و دڵسۆزی ئەودا نەبووە بۆ ڕزگار بوونی کۆمەڵگا , کێشەکە لە بیر کردنەوەی سەروچینایەتی ئەودا بووە بۆ مەسەلەی پەیوەندییەکانی حزب و کۆمەڵگا . هاوڕێ مەنسور یەک فاکت نادات بە دەستەوە بۆ ئاوێتە بوون و یەک پارچە بوونی حزب و چینی کرێکار . هەموو تێڕوانینە سەروچینایەتییەکانی ئەو و پێش ئەو و دوای ئەویش , لە لانەکردنەوەیاندا بە لای ئەندامانداندا بەرجەستە دەبێتەوە . گفتاری باش و کرداری باش بە تەنیا " ئەمە جگە لەوەی کە بە پێی کات و شوێن و لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا گۆڕانکارییان لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دێت بە سەردا " , فاکت نین بۆ کرێکاری بوونی حزب . حزب کاتێک دەبێت بە ئامڕازی خەبات بۆ چینی کرێکار , کە لە ناو خودی حزبدا ئازادی ڕا دەربڕین هەبێت . ئازادی ڕا دەربڕینیش کاتێک دەبێت , کە ئازادی هەڵسووڕان هەبێت . ئازادی هەڵسووڕانیش کاتێک دەبێت , کە یەکسانی لە دەسەڵاتدا هەبێت . بوونی یەکسانیش لە دەسەڵاتدا پێداویستی ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب لا دەبات . بە لاچوونی ئەو دوانەش " ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب " ئیتر دیسپلینی حزبیی هیچ مانایەکی نامێنێت . نەبوونی ئەم فاکتەیە " یەکسانی لە دەسەڵاتدا " کە هەموو باسە تیۆرییەکانی هاوڕێ مەنسور لەمەڕ حزب و چینی کرێکارەوە هەڵدەوەشێنێتەوە . درک نەکردنی هاوڕێ مەنسور بە مەقۆلەی یەکسانی لە دەسەڵاتدا , ئەو ڕێگەیە بووە کە هاوڕێ مەنسوری لە چینی کرێکار دابڕیوە و گەیاندوویەتییە ناو توێژی ڕۆشنبیرانەوە . هاوڕێ مەنسور هەر لەم ووتەبێژییەیدا " سوخەنرانی " لەمەڕ حزب و کۆمەڵگاوە , لە لایەکەوە حزب دەکات بە نوێنەری چینی کرێکار و لە لایەکی تریشەوە حزب دەکات بە ئامڕازی خەبات لە دەست چینی کرێکاردا . لە لایەکەوە بە حزب دەسەڵاتی سیاسی وەردەگرێت و لە لایەکی تریشەوە حزب دەدات بە چینی کرێکار تا دەسەڵاتی سیاسی پێ وەربگرێت " واتە چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی وەر بگرێت " . لە لایەکەوە چینی کرێکار بە حزب دەهێنێتە مەیدان و لە لایەکی تریشەوە چینی

کرێکار حزب لە مەیداندا هەڵدەسووڕێنێت . ئەم ناکۆکییانەی هاوڕێ مەنسور تێی کەوتبوو , بێ چارەسەر هەتا ئەمڕۆ ماونەتەوە و دەشمێننەوە .

( مەبەستم ئەوەیە کە کرێکار وەکو چینێک ئەم حزبە هەڵبژێرێت و بڵێت من لە نێو ئەو ئەڵتەرناتیڤانەدا کە هەن لەگەڵ ئەم حزبەدا دەڕۆم . لاپەڕ 14 هەمان سەرچاوە ) . ئەو پرسیارانەی کە سەبارەت بەم ئایدیایەی هاوڕێ مەنسور خۆیان دەخەنە ڕوو , ئەمانەن : 1- چینی کرێکار بۆچی پێویستە ئەو حزبە هەڵبژێرێت ؟ 2- ئەو حزبە ئەگەر جیا نییە لە چینی کرێکار بۆ وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ لە ناو حزبەکانی تردا جێگەی خۆی دەست نیشان دەکات و وەک حزبەکانی تر ئەمیش هەمان جۆر خۆی بە ئەڵتەرناتیڤێک دەناسێنێت ؟

3- چینی کرێکار ئەگەر لەگەڵ ئەو حزبەدا بڕوات بە کوێ دەگات ؟ 4- بۆ دەبێت چینی کرێکار لەگەڵ ئەو حزبەدا بڕوات , ئەی حزبەکە خۆی بۆ لەگەڵ چینی کرێکاردا ناڕوات ؟ 5- چینی کرێکار بۆ دەبێت لە ڕێگای حزبەوە خەباتی چینایەتییانەی بە ئەنجام بگات و گەڕان بە شوێن ڕێگای تریشدا بۆ ناخرێتە دەستوری کارەوە ؟ 6- بۆ هەر دەبێت حزب بکرێت بە ناوەند و چینی کرێکار بەو زۆری یە بە دەوریدا کۆ ببێتەوە , ئەی بۆ نابێت حزبەکان و ڕێکخراوەکان و کۆڕوکۆمەڵەکان بە دەوری چینی کرێکاردا کۆببنەوە ؟ 7- ئەگەر لە دەزگای بیری چەپدا ناوەند " مەرکەز " هەر دەبێت کەمینە بێت و زۆرینە بە دەوریدا کۆ ببێتەوە , ئەی خۆ ناوەند لە ئەتۆم و خانە و کۆمەڵەی ڕۆژەکاندا بە شێوەیەکی گشتی بە پێچەوانەوەیە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لە ڕووی پەرەسەندنی هەمەلایەنەیەوە یاساکانی سروشت زاڵە بە سەریدا ؟ ( لە ئەتۆمدا ژمارەی پرۆتێنەکان و نیوترۆنەکان کە ناوک پێک دەهێنن لە ژمارەی ئەلکترۆنەکان زیاترن . لە خانەشدا ئەگەر تەنیا ژمارەی جیناتەکان کە لە سەر " دی ئێن ئەی " ە و لە ناو کرۆماتینەکاندایە وەر بگیرێت لە ژمارەی هەموو تەنۆلکەکانی سایتۆپلازم کە بە دەوری ناوکدا تەوەرەیان بەستووە زیاترن . لە کۆمەڵەی ڕۆژیشدا هەرچەند هەسارەکان و مانگەکان و کۆمێتەکان و ئەستێرۆییدەکان و میدیۆڕایتەکان ژمارەیەکی بەرچاو پێک دەهێنن , بەڵام هەر هەموویان کۆ بکەیتەوە و بیانخەیتە ناو ڕۆژەوە نەک هە جێیان دەبێتەوە تیایدا , بەڵکو تەنیا بەشێکی بچوکیش لەو تەنە زەبەلاحەی ڕۆژ داگیر دەکەن . لە سەر ئاستی کۆمەڵگاش بۆ شۆڕش و دامەزراندنی حوکومەتی کرێکاری و سۆشیالیزم , کە چینی کرێکار دەبێت بە سەنتەر و چین و توێژەکانی تر ئارەزوومەندانە یان زۆرلێکراوەکییانە بە دەوریدا تەوەرە دەبەستن , زۆربەی زۆری دانیشتووان پێک دەهێنن ) .

( لە سەرەتاوە بڕیار وابوو کە چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو ئاڵا بە دەستی هەموو ئازادی و یەکسانی یەک لە کۆمەڵگادا دەربکەون . لاپەڕە 16 همان سەرچاوە ) .

من ناچمە ناو زنجیرە ڕێژەیی و ڕەهاکانی ئازادی مرۆڤەکانەوە , لە کۆمەڵگاکان و لە بەرانبەر سروشت و دیاردەکانیدا . چونکە بینینەوەی ڕێژە و ڕەها لە یەکتریدا و لە مەیدانەکانی ئازادی مرۆڤدا , بۆ خۆی باسێکی زانستی و دوورودرێژە , توانا و دەرفەتی منیش لە ئێستادا بۆ ئەو باسە ئاڵۆزە کەمە . ئەوەی لێرەدا سەرنجی من ڕادەکێشێت دوو هێزی سەربەخۆ لە یەکتری و لە هەمان کاتیشدا چوون یەکن . چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری یە , کە هەردووکیان ئاڵا هەڵگری ئازادی و یەکسانین . ئەم دووانە کە لە جەوهەردا یەکن , بۆ دەبێت دوو هێزی جیاواز و دابڕاو بن لە یەکتری ؟ بۆ یەکێکیان بەشێک نییە لەوی تریان ؟ بۆ هەردووکیان هەمان ئەرکی کۆمەڵایەتییان پێ سپێردراوە ؟ ئەم دوو هێزە بۆ تەریبن بە یەکتری ؟ ئەگەر ڕاستەوانە لە خەبات و ئامانجدا لەگەڵ یەکتریدا دێنەوە , بۆ بە یەکتری ناگەن و لەگەڵ یەکدا ئاوێتە نابن ؟ ئەم هەلومەرجە چۆن پەیدا بووە و چۆنیش لە ناو دەبرێت ؟ ئەگەر

کرێکاران ڕۆژانە لە ناو ڕیزەکانی خۆیاندا ئازادی و یەکسانی لە بەرانبەر یەکتریدا پیادە دەکەن , ئەی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمە کرێکارییەکەی هاوڕێ مەنسور لە پیادە کردنی ئازادی و یەکسانی دا لە ڕیزەکانی تەشکیلاتەکانیاندا و لە بەرانبەر یەکتریدا بە چ ئاقارێکدا دەڕون ؟ ( سەرەنجام یەکێک لە کارەکانی کادری حزب ئەوەیە کە ئەندامە باشەکان هەڵئەبژێرێت و کاریان لە سەر ئەکات , ماتریالیان ئەداتێ , قسە و باسیان لەگەڵ ئەکات و هەوڵ ئەدات پەروەردەیان بکات . لاپەڕە 17 هەمان سەرچاوە ) .

هاوڕێ مەنسور نەک هەر جیاوازی خواز بووە لە نێوان ئەندامان و ڕابەرایەتی و لایەنگری ڕابەرایەتی بووە , بەڵکو جیاوازی خواز بووە لە نێوان ئەندامان خۆیشیاندا . ئەوەتانێ ڕیزەکانی خوارەوە لە ئەندامان دابەش دەکات بە سەر باشەکان و ئەوانی تردا . کادرەکان وەکو ئەندامانی ڕیزەکانی سەرەوە دەبێت ئەندامە باشەکان لە ڕیزەکانی خوارەوە هەڵبژێرن و قسەیان بۆ بکەن و پەروەردەیان بکەن بەوەی کە شیاوی هاتنە ناو ڕیزەکانی سەرەوە بن .ئەم سیستمی زنجیرە مەراتیبە لە حزبەکاندا هەر دەبێت ئەو لۆژیکە بە خۆیەوە بگرێت کە جیاوازییەکان قووڵتر بکاتەوە . ئەندامە باشەکان لە حزبدا و لە ڕیزەکانی خوارەوەدا دەبێت کامانە بن ؟ بێگومان بە پێی ئەو بیر کردنەوە سەروچینایەتییەی هاوڕێ مەنسور لەمەڕ حزب و چۆنیەتی دابەش بوونی کار بە پێی سیستمی بۆرژوا تیایدا , دەبێت ئەندامە باشەکان ئەوانە بن کە گوێ ڕایەڵ و هۆش ڕۆبەتی و سیکتاریست و لیدەریستن .

**کۆتایی هات**

بژار 2006-4-1